ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
25 ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری 2022
50

**ئەرکی دەوڵەتە یارمەتی بەکردەوە پێشکەش بە کەسانی لەشفرۆش بکات بۆ دەستهەڵگرتن لەو کارە و بەدەستهێنانی شارەزایی و هوشیاریی بۆ کارکردن لە مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا!**



## لایەنە ئیسلامیەکان لەم هەلومەرجەدا بێدەنگ بن باشترە!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## لە پەراوێزی دەستگیرکردنی ژمارەیەک داعشدا: داعش و دەسەڵاتی سیاسی کورد، دوانەیەکی تەواوکاری یەکترن!!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٤



## پرسیاری ئۆکتۆبەر لە دەشتی جەمال سەبارەت بە پێکهاتنی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران لە بەریتانیا

بۆ لاپەڕە ٦



## نارەزایەتیەکانی ژنانی ئەفغانستان بەدژی یاسا ئیسلامیەکانی تاڵیبان

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



## لە کۆبوونەوەی حزبەکانەوە بۆ حەملەی ئیمانی!

موحسین کەریم

بافڵ تاڵەبانی و یەکێتی نیشتمانی لەهەموو کاتێک زیاتر گیرۆدەی داخرانی ئاسۆی سیاسی و بنبەستی حوکمڕانی بوون و توانای بەڕێوەبردنی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان نەماوە. هەوڵەکانیان بۆناچارکردنی پارتی بەحساب بۆکردنیان بەبنبەست گەیشتوە. مانگرتنی قوباد تاڵەبانی لە حکومەت، پەنابردن بۆ کۆکردنەوەی حزبەکان بەئامانجی دروستکردنی فشار لەسەر پارتی و سەرەنجام ڕاگەیاندنەکانی لێرەو لەوێ سەبارەت بە گرێدانەوەی دارایی و ئیداری ناوچەی سەوز بە بەغداوەو دابڕانی لە هەولێر، ئەمانە هەموویان پێدەچێت هێشتا پارتی ناچار نەکردبێت لەحساباتی حوکمڕانی کوردستاندا پێگەیەک کە یەکێتی بەمافی خۆی دەزانێت، بۆی قایل بێت. بۆیە یەکێتی و بافڵ تاڵەبانی دەستیان بۆ پووشێکی دیکە بردوە تا لەناو زەلکاوی بنبەستی سیاسیدا دەریان بکێشێت و دەرگایەکیان لێبکاتەوە. ئەو چلەپووشەش موجەمالەو ڕازیکردنی گروپ و ڕەوتە ئیسلامیەکانە تا لەبەرامبەر پارتیدا بیانخاتە پاڵ خۆی، بۆیە تا ئەو ڕادەیە هەنگاوی ناوە کە بەچەشنی خەلیفەی موسڵمانان خۆی دەبێتە پارێزەری بەهاو نەریت و یاسا ئیسلامیەکان و زاڵکردنی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حزبەکەیدا.

بڕیاری داخستنی ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ نەریت و بەهاکانی ئیسلامدا ناگونجێن ئەو کارتی بەختەبوو کە بافڵ تاڵەبانی لەم هەنگاوەیدا

بۆ لاپەڕە ٢

## درێژەی...... لە کۆبوونەوەی حزبەکانەوە بۆ حەملەی ئیمانی!

ڕایکێشاو لەلایەن ئیسلامیەکانیشەوە دەستخۆشی لێکرا! بەڵام پێناچێت ئەم بانگەشەیەی بافڵ تاڵەبانی لەلایەن خەڵکی هوشیار و نارازی کوردستانەوە کڕیارێکی دەست بکەوێت. چونکە خەڵکی هوشیاری کوردستان باش ئەوە دەزانن کە زۆرینەی لەشکرەکان و باندەکانی لەشفرۆشی و خاوەنەکانی ناوەندەکانی لەشفرۆشی بەرپرسانی حزبەکانی دەسەڵاتداری کوردایەتین و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرێن. بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانەی کە سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشی لە کوردستانی عێراق بڵاوکراونەتەوە لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە کە حزبەکانی کوردایەتی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە، ئەوە نیشان دەدەن و ئەو ڕاستیە پشتڕاست دەکەنەوە کە بەرپرسەکان و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی ئەو دووحزبە دەسەڵاتدارە لەپشتی پەرەگرتنی ئەو دیاردەوە بوون و هەن! ئەوان هەروەکو چۆن هەموو جومگە ئابوری و بازرگانیەکان و سەرچاوەکانی دەستکەوتنی پارەو داهاتیان بۆخۆیان قۆرخکردوە، بەهەمانشێوەش بازرگانی بە جەستەی ژنانی قوربانی لەشفرۆشیەوە دەکەن و سەرچاوەیەکی دیکەی داهات و سامانی ئەوان پێکدەهێنێ. ئەمەش لەپاڵ دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزوە سێکسیەک بێکۆتاییەکانیاندا کە ژنان و کچانی کوردستان لای ئەوان تەنها ئامرازێکی تێرکردنی سێکسین، وەکو دۆستە ئیسلامیەکانیان کە ئێستا هەلهەلە بۆ ئەم هەنگاوە جیهادیەی بافڵ تاڵەبانی لێدەدەن!

سەرەڕای ئەوە، ئێستا ئەوەش بووە بە شێک لە هوشیاری گشتی، کە سەرچاوەی سەرەکی لەشفرۆشی ژنان هەژاری و برسێتی و فشاری ئابوریە بەسەر ژنان و خێزانە هەژارەکانەوە کە بۆ تێرکردنی سکی منداڵە برسیەکانیان ناچاردەبن جەستەی خۆیان لەبازاری پیاوسالاری بۆرژوازی کورددا هەرزانفرۆش بکەن! دەسەڵاتدارانی کوردایەتی و حزبەکەی بافڵ تاڵەبانی و خێڵی ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامیە دۆستەکانیان هەموویان بەرپرسن لەو دۆخە ئابوریە سەختەی بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا سەپێنراوە. ئەوان هۆکارو پارێزەری ئەو هەلومەرجە ئابوری و کۆمەلایەتیەن کە ژنان ناچاردەکات بە لەشفرۆشی و هەرخۆشیان باندەکانی لەشفرۆشی دروست دەکەن و بازرگانەکانی سێکس پێکدەهێنن!

لەلایەکی دیکەوە، بەستنەوەی پەیوەندی سێکسی کچان و کوڕان بە زەواج و یاساو ڕێسای ئیسلامی و بە پارەو مارەیی و ئیمکاناتی ئابوریەوە، لەکاتێکدا کە گەنجانی کوردستان بێکارن و تواناى دابینکردنی پێداویستیەکانی زەواجیان نیە، بەناچاری بەشێک لە گەنجان ناچاردەکات بۆ لەشکرین و پەیوەندی شاراوەی نێوان کچان و کوڕان کە زۆرجار بە کارەسات بۆ کچەکان تەواو دەبێت.

هەڵبەتە وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەم کارەی بافڵ تاڵەبانی و حزبەکەی بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی لەشفرۆشی نیە، بەڵکو سەرقوڵانەیەکە بە ئیسلامیەکان تا لە ململانێی لەگەڵ پارتیدا لە کەناری بافڵ و حزبەکەیدا ڕاوەستن. دەنا بافڵ و حزبەکەی و باقی حزبەکانی خێڵی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی هیچ چارەسەرێکیان بۆ ئەم پرسە هەستیار و زەرورەی کۆمەڵگای کوردستان پێ نیەو خۆیان هۆکار و پارێزەرین، بۆیە ئەوان لەجیاتی دەستبردن بۆ چارەسەری بنەڕەتی دیاردەی لەشفرۆشی، دەست دەبەن بۆ سزادانی قوربانیەکان و شکاندنی کەرامەتیان بەپیشاندانی وێنەی ئەو ژنە قوربانیانە لە سۆشیال میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، لەجیاتی قەدەغەکردنی بازرگانی سێکس و باندەکانی لەشفرۆشی و هەڵوەشاندنەوەی بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی لەشفرۆشی و چارەسەرێکی شەرافەتمەندانەو ئینسانیانە بۆ قوربانیەکان و ڕاهێنانەوەیان بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی و ناو کۆمەڵگا.

★


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991



**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبە: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# لایەنە ئیسلامیەکان لەم هەلومەرجەدا بێدەنگ بن باشترە!

## عوسمان حاجی مارف

پیادەکردنی "جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە" لە هەر وولات و کۆمەڵگایەکدا چەسپابێت، بۆخۆی دەبێتە مەرجێکی گرنگ بۆ دابینبوونی ئازادی بیروباوەڕ، بە پێچەوانەشەوە داسەپاندن و پیرۆزکردنی هەر ئایدۆلۆژیەک ئەو بەلاو دەردیسەریەی ژیانی تەواوی کۆمەڵگایە کە ئینسانەکان دەخاتە ناو دۆزەخی ناچاری و بێئومێدیەکەوە، مافی هەناسەی ئازادی دەکاتە مەحاڵ و ژیانێکی تاڵ و ئەوپەڕی دۆخی نائینسانی و دەبێتە دیاریەکی ناحەز و تەوق بۆ دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگەیە. گەربەشێکی زۆر لە بەشەریەت لەڕێڕەوی خەباتی جەماوەری بۆ ئازادی وەک دەستکەوتێک ڕزگاریان بوبێت لە جۆری دۆزەخی داسەپاندنی هەر ئایدۆلۆژیایەک، بەڵام ئەم داگیرکاریەی کە بەڵای زاڵکردنی ئایدۆلۆژیایە، تائێستا کابوسێکی گەورەیە بەسەر بەشێکی زۆری تر لە جیهاندا، بە تایبەتی بەڵای ئیسلامی سیاسی بە هەر شێوازو جۆرێکەوە لە مەیداندا بێت ناجۆرترین و نەرێنیترین نمونەی بێئیرادەکردن و تۆقاندنی بەشەریەتە. ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە بەکارهێنانی ئاینی ئیسلامدا وەک هەر ئایدۆلۆژیایەکی تری زهنگەرایی پێش هەموشتێک بۆ پارێزەری سەرسەختی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە، بەمانایەک ئەوە ڕاگرتنی پەیوەندی کارو سەرمایەیە کە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا پێویستی بە هێزو نفوزی ئیسلامی سیاسیە، تا فرسەتی کاری هەرزان بەردەوام بەرفراون کاتەوە. پێداویستی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە کە دوای تێپەربونی هەزارو چوارسەد ساڵ لە مێژووی ئیسلام، پێویستی بەدەسەڵات و بەکارهێنانی شەریعەی ئیسلامیە، تا کرێکاران و زەحمەتکێشان ناچار بە قەبولکردنی ژیانێکی نابوت و ناشایستە بکات.

ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانەی دەرگیرن لە گەڵ ئیسلامی سیاسیدا، لەسەرهەڵدانی هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا، ئەرکێکی گرنگی ئەو شۆڕشە سەنگەرگرتنی جدیە لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا بۆ چەسپاندنی ئازادی بیرورا، کە خۆشبەختانە خرۆشانی جەماوەری ئێران و وەستانەوەی لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا خەسڵەتێکی پێشڕەوانەو سەنگەرگرتنێکە بەرەو شۆڕشێک هەنگاو دەنێت کە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەوولاتریش، لە ئیسلامی سیاسی پاکدەکاتەوەو ناوچەکە دەخاتە ژێر هێژمونی دابینکردن و مسۆگەرکردنی "جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە"

و ئاینیش وەک باوەڕی کەسەکان پارێزراو دەبێت. ئەنجامگیری لەم واقعیەتەی ڕاپەرینی جەماوەری نارازی ئێران پێشبینیەکی ڕۆشن دەخاتە بەرچاومان کەچی ڕوئەدات و چ ئالوگۆڕێک پێکدێت، کە خودی هەڵسوراوان و ڕێکخراوو هێزە ئیسلامیەکانیش زۆر باش درکی پێدەکەن کە شۆڕشی ئێران چۆن ئاییندەی ئیسلامی سیاسی تەواو دەخاتە ژێر پرسیارو لێپرسینەوەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە بانگەوازی شەڕی مان ونەمان لەگەڵدا دەکەن و بەرگریەکی تەواو قێزەوەنی دژی ئینسانی لە خۆیان دەکەن.

ئەو کەمپینانەی لایەنە ئیسلامیەکان ئێستا لەبەرامبەر مەسەلەی ژنان و جەندەرو ئازادی بیرورا و هەر مەسەلەیەکی تردا، خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە هەرایان لەسەر سازکردووە، هەوڵدانە بۆ هەڵخراندنی کۆمەڵگە بۆ بەرگرتن بەو ڕەوتانەی لە بەردەم بریاری ئالوگۆڕی ڕیشەیدا خۆیان ناساندووەو کاری لەسەر دەکەن، لایەنە ئیسلامیەکان ئارامیان وەها لێ براوە بەرلەوەی کۆتایی ڕۆڵی سیاسیان بەرجەستە بێتەوە، خەریکن پێش وەخت تۆڵە دەکەنەوەو دۆخی شەرخوازی گەرم دەکەن، تا ئەو ئاستەی جگە لە دروستکردنی پەروەندەی بێمانا و شکستخواردو لە دادگادا، لەهەمانکاتدا خەریکن جۆرێک لە هەرەشەو تۆقاندنشیان کردۆتە دارەدەستێک بۆ ئەو شەرەی کە دەیانەوێت پارێزگاری لە مانەوەو نفوزی سیاسی خۆیان بکەن. بەڵام پێویستە واقعیەتی ئەو هاوکێشەیەمان بۆ ڕۆشن بێت کە بارودۆخی ئێستا، دەورانی ئاوابونی ئیسلامی سیاسیە و شۆڕشی جەماوەری رادیکاڵی ئێران زوو یا درەنگ ئەو ئەرکەیان خستوتە سەر شان و یەکلایی دەکەنەوە.

چارەنوسی ئەوانەش کە درندانە و شەرەنگێزانە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی دەکەن، حەتمیە دەبن بە ژێر دەستوپێی لێشاوی ئەو شۆڕشەوە، بۆیە پاراستنی ئارامی و بێدەنگی و دانیشتن بە قازانجیانە و پارێزراو دەبن، نەک ئەم پەلەقاژێ و هەراو هوریایەی دەستیان داوەتێ.

هەروەها پێویستە ئەوە بەهەند وەرگرین کە بەجیا لەوەی پێویستە تەواوی کەمپین و هەراوهوریاکانی ئیسلامی سیاسی جەسورانە پوچەڵ کەینەوەو لە شوێنی خۆیدا وەڵام وەرگرنەوە، لەهەمانکاتدا هەر هەوڵێکیان لە خولقاندنی مەترسی و تۆقاندن پوچەڵ کرێتەوەو بەزیادەوە بەرپەرچیان بدەینەوە،

# لە پەراوێزی دەستگیرکردنی ژمارەیەک داعشدا:

## داعش و دەسەڵاتی سیاسی کورد، دوانەیەکی تەواوکاری یەکترن!!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

داعش و هاوشێوەکانی، سەلەفیەکان، ئیسلامی سیاسی بەشێوەی گشتی... هەرکامێک لەوانە تەنها دەتوانن لە کۆمەڵگەیەکدا ئامادەییان هەبێت و دەربکەون، کە ژینگەی سیاسی و کەشی هەڵسوڕانیان بۆ فەراهەم کرابێت. لە کۆمەڵگەیەکدا دەتوانن هێرش بکەنە سەر کۆمەڵگەو مافە فەردی و مەدەنییەکان و ژنان و سیما شارستانیەکان، کە دەسەڵات خۆی دژی ئازادی و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بێت و بەپاساوی جۆراوجۆرو لەژێر ناوی پاراستنی مقەدەساتەکاندا مافەکانی ئینسان لەقاڵب بدات. پیرۆزییەکانی ئینسان لەناو کۆمەڵگە بکاتە قوربانی، پیرۆزییە دەستکرد و دروستکراو، خەیاڵی و ئەفسانەیی و کۆنەپەرستەکان. بەکردەوەش سەلماوە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی تیایدا بە فەرمی ناسراوەو دین و سیاسەت لەیەکتری جیاکراونەتەوە، داعش و هاوشێوەکانی زەمینەی دروستبوون و ئامادەبوونیان نییە. بەواتایەکی تر زەمینەو پایەی دروستبوونی هێزی سیاسی ئیسلامی لەچەشنی داعش، لە پایەیترین ئاستیدا رەنگدانەوەی جۆری دەسەڵات و سیستەمی سیاسییە. بەرهەمی نەبوونی ئازادیی و ئازادیەکان و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و مافەکانی تاکە.

هیچ لەوە ئاساییتر نییە، هێزگەلێکی کۆنەپەرست لەژینگەی ژێر دەسەڵاتێکی دژە ئازادییدا، یان وابەستە بە ئیسلام و ئیسلامیزمدا، سەرهەڵبدەن و هێرش بکەنە سەرکۆمەڵگە. داعش بەر لەوەی گروپ و هێزی چەکدار و چەند شانەیەکی نووستو بن، بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی سیاسی و ڤێرژنێکی دیاریکراوی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی. داعش و نوینەرانی داعش هەر شانەی نووستوو نین کە دەسەڵات دەڵێت دەستگیرمان کردوون، بەڵکو داعشی بێدار و قسەکەرەکانیان بەئاشکرا لە کۆمەڵگەدا بانگەواز و پەیامی داعش رادەگەیەنن. بەرگری لە چەندژنە، زەواجی میسیار و موتعە، زەواجی منالانی نۆ ساڵە، حجاب و ترساندنی ژنان بە ئاگر و سزای جەهەنەم و خودا ئەگەر پەیرەوی پۆشینی حجاب نەکەن، دژایەتیکردنی چوونی ژنان بۆ زانکۆ و خوێندن، بۆ مەیدانەکانی کارو بەرهەمهێنان، سوکایەتی بەزانست و پەروەردە، بە گۆرانی و مۆسیقاو سەماو هەڵپەرکێ و هونەر و ئەدەب و وەرزش، بەخشینەوەی فتوا بۆ رەخنەگران لە ئیسلام و بنەماکانی و وەستانەوە بەرووی مافە فەردی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان و تەکفیرکردنیان، بەسوک و کەم تەماشاکردنی خەڵکی ناموسوڵمان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەیان... هەموویان پەیامی داعشن و لەهەر جێگایەک بوونیان هەبێت، داعش یان هاوشێوەی داعش دروست دەبێت.

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، داعش وەکو هێزی چەکدار و وەکو رێکخراوەیەک کە خاوەنی شانەی نووستووە، وێنا دەکات. تێکشکاندنی پلان و هێرشێکی داعش، یان دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان و شانە نووستوەکانیان وەکو دەستکەوت و سەرکەوتن دەخاتەڕوو، لەوەش زیاتر دەیەوێت میدالیای دژە داعشبوون بدەن لە بەرۆکیان.

راستی ئەوەیە داعش بۆیە هەیە، بۆیە چالاکی و هێرش دەکات و شانەی نووستو ئامادە دەکات، چونکە دەسەڵات ژینگە و زەمینەکانی بۆ بەشە سەرەکیەکەی داعش فەراهەمکردووە، کە بریتییە لە داعشی بێدار و رێگەپێدراو.

هیچ لەوە پوچتر نییە، لەلایەکەوە زەمینەو ژینگە بۆ دەیان حزب و رێکخراوە و گروپی ئیسلامی سازبکەیت و دەست لە پشتیان بدەیت و لە داهاتی خەڵکی کوردستان بکەیت بەگەرویاندا و قەڵەویان بکەیت. دەروازە بۆ فتوا و سوکایەتییان بە هەموو جوانی و ئازادییەکی کۆمەڵگە بۆ بخەیتە سەرپشت. رێگە بدەیت سەلەفیەکان و دەیان بانگخوازی ئیسلامی بەئاشکرا و دەست وەربدەنە وردو درشتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەڵک و تاکەکانی، وە دەروازە بخەیتە سەرپشت بۆ قوتکردنەوەی مزگەوت و بنکەو قوتابخانەی ئیسلامی لەهەموو گۆشەو گەرەکێکی شارەکاندا،

ئێمە هەوڵئەدەین و دەمانەوێت کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران و یەکسان بەدەست بهێنین لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ئارام و ئاسایشدا، گەر لایەنە ئیسلامیەکان و هەر لایەنێک ئەمە بەرەواو شایان و مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان نازانن و بەری پێدەگرن، ئەوە راگەیاندنی شەڕە لەگەڵ بەرەی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی و ئینساندۆستی و بزوتنتەوەی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاواندا، هەڵبەتە ئێمەش ئامادەین بۆ ئەو شەڕەو شکستیش هەر بۆ ئەوانە، چونکە لە ئاکامدا بەرامبەر شەپۆلەکانی شۆرش بۆ ئالوگۆری ریشەیی خۆیان دەبیننەوە.

★

کەچی باسی دروستبوون و هەرەشەی داعش بکەیت لەسەر کۆمەڵگە و دەستگیرکردنی چەند گروپ و شانەیەکیان بە دەستکەوت بە خەڵکی بفرۆشیتەوە.

لەکاتێکدا خەڵک بەدەست نەبوونی قوتابخانەو بنکەی تەندوستی و خزمەتگوزارییەکان گیرۆدەیە و دەناڵێنێ، کە چی دەسەڵاتی سیاسی ژمارەی مزگەوت و قوتابخانە و بنکەو دەورات و بۆنە دینی و مەراسیمە دینییەکان، زیاددەکات و بەرگری لە رێورەسمی دینی دەکات و دین وەکو سەرچاوەی یاساکان، وەکو بەشێک لە مەنهەجی پەروەردەو خوێندن، بەدەستەوە دەگرێت. بەکورتی ئەوەی پەروەردەی داعش و داعشیزم دەکات، دەسەڵاتی سیاسییە. ئەوەی زینگەو گۆرەپانیان بۆ دەرەخسێنێت دەسەڵاتی سیاسییە... ئەوەی ستایشی مەلاو بانگخوازانی ئیسلامی دەکات دەسەڵاتی سیاسییە، ئەوەی بێدەنگە دەکات لەوەی ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان بەئاشکرا هێرش بکەنە سەر چالاکوانە چەپ و مەدەنییەکان و ژنان و لاوان و نووسەرانی ئازاد و پێشکەوتنخواز و دیاردە مەدەنییەکان، و فتوا ببەخشنەوە، دەسەڵاتی سیاسییە. هاوکات دەسەڵاتی سیاسی کاتێک دەکەوێتە بەردەم نارەزایەتی جەماوەری و پاساوی بوونی داعش وەکو هەرەشە بەدەستەوە دەگرن و دەڵێن هەرێم لەبەدەم هەرەشەی دەرەکی و داعش دایە، ئەوە لە کاتێکدا هەموو پێداویستەکان و زەمینەکانی دروستبوونی داعش و هاوشێوەکانی ئامادە دەکەن.

سەیر ئەوەیە هەر ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی هەموو هاوکارییەکی بەکردەوەی ئیسلامی و سەلەفیەکان دەکات و بەکردەوە لە کۆمەڵگەدا داعش پەروەردە دەکات، هەر ئەو دەسەڵاتە دەیەویست سەرکەوتنی ژنان و پیاوانی کۆبانێ بەسەر داعشدا وەکو دەستکەوتی خۆی نیشان بدات و شانازی پێوە دەکرد! کەچی لە هەریمی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا... داعش دروست دەکات و پەروەردەی دەکات.

بەکورتی دەسەڵاتی سیاسی کە دین و کۆنەپەرستی بەپایەو سەرچاوەیەکی دەسەڵاتەکەی دەزانێت و بەگری لێدەکات و ژینگەی بۆ دروستبوونی داعش دەرەخسێنێت، سەرانی ئیسلامیەکانیش لەسەر بنەمای ئەو ژینگەیەی دەسەڵات خوڵقاندویەتی، شانەو گروپ و ریکخراوەی داعشی دروست دەکەن، بەمجۆرە دەسەڵاتی سیاسی و داعش دەبنە دوانە تەواکاری یەکتری. هەربۆیە چونە جەنگ و وەستانەوە بەرووی داعش و داعشیزم و هێزە ئیسلامیەکان و سەلەفییەکان، بەبێ خەبات لەدژی دەسەڵاتی سیاسی، بەشوێنیک ناگات.

لەهەلومەرجی ئێستادا، کە دەسەڵاتی سەرمایەی ئێران وەکو قەڵای بەهێزی کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا کەوتۆتە بەردەم سێڵاوی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری، بە روخاندنی پشتی هێزە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان لەسەراسەری دنیا و ناوچەکەدا دەشکێت و لەوەش زیاتر ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەی خۆیان بەو رژێمەوە بەستۆتەوە، دەبنە قوربانیانی روخاندنی ئەم رژێمە هارەی سەرمایە لەناوچەکەدا. هات و هاواری ئیسلامیەکانی کوردستان و ئەو هێرشە هیستریکیەی دەستیان پێکردووە بۆسەر ژنان و مافەکانیان و ئازادیخوازی، تا دەگاتە هەنگاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ پشتگیری لە ئیسلامیەکان، پەلەقاژەکانی مەرگە، نەک نیشانەی بەهێزی.

بزوتنەوەی ئازادیخوازی و جولانەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، لە کوردستان پێویستە هاوکات لەگەڵ شەپۆلەکانی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی نەنگینی ئیسلامی سەرمایە لە ئێران، هێرشەکانی خۆی لەبەرامبەر هەوڵی بەرگریکارانەی ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی پشتبەستوو بەدین و یاسا دارزیوەکان دەست پێبکات، ئەم هەنگاوەش دەچێتە پاڵ هەنگاوەکانی پشتیوانی لە بزوتنەوەی روخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ئێران، وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی کۆنەپەرستی و تیرۆریزم.

٢٤/١٢/٢٠٢٢

★

---

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ رێکخستن و رابەریکردنی شۆرشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆرشی سۆشیالیستی تەنها لەرێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ریزێکی رێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە رابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆرشە لەهەر هانگاوێکدا راستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی ئەم شۆرشە لە کوردستاندا، دابران و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆرشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆرشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەرواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە" پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# پرسیاری ئۆکتۆبەر لە دەشتی جەمال سەبارەت بە پێکهاتنی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران لە بەریتانیا

لەماوەی رابردوودا جموجوڵێک بۆ راکێشانی پشتیوانی سەندیکا کرێکارییەکان و کەسایەتیە سۆشیالیست و ئازادیخوازەکانی بەریتانیان بۆ خرۆشانی جەماوەری کرێکاران و ژنان و لاوانی ئێران لە بەریتانیا لەلایەن ئێوەوە دەستی پێکردوە.. چەند کۆبونەوە و بگرە چالاکی بەو ئاقارەدا ئەنجام دراوە. کەسایەتی وەکو جۆن ماکدۆنێل ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا کە پێگەیەکی گرنگی لەناو بزوتنەوەی کرێکاری بەریتانیادا هەیەو هەروەها نوێنەرانی سەندیکای کرێکاری شەمەندەفەری ژێرزەوی( RMT)و کرێکارانی بەشی خزمەتگوزاری گشتی و بازرگانی( PCS)ئامادەیی خۆیان بۆ کارکردن لەو بوارەدا نیشانداوە کۆمیتەیەکیش بۆ سەروکاری ئەو پرۆژەیە پێکهاتوە. دەکرێ سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمیتەکەو ئامانجەکەی و بەرنامەی کارەکانی داهاتووی روونکردنەوەمان بۆبدەی؟

دەشتی جەمال: کۆمیتەی هاوپشتی لەگەل جولانەوەی کرێکاریی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا لەپەرلەمانی بەریتانیا لەلایەن ئێمەوە راگەیەنرا و لەلایەن جۆن مەلۆنی جێگری سکرتێری گەورەترین سەندیکای کریکاریی بەریتانیاوە پێشنیار کرا و داوای لە جۆن ماکدۆنێل ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا کرد کە نفوزێکی زۆری لەناو بزوتنەوەی کرێکاری بەریتانیادا هەیە، کە سەرۆکایەتی کۆمیتەکە وەربگرێت. ئەوەبوو جۆن ماکدۆنێل پێشنیارەکەی قبول کردو کۆمیتەکە بەوناوەوە پێکهات و بریار درا ماوەی ١٠ رۆژی دابنێین بۆ ئامادەسازی و دوای ئەوە کۆبونەوەیەکی دیکە ئەنجام بدەین بۆ بەرنامەی چێکردن و ئامادەکردنی بەرنامەی کاری هاوپشتی لەگەڵ خرۆشانی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی ئێراندا. ئەم کۆمیتەیە فۆکەس دەکاتە سەر راکێشانی پشتیوانی بزوتنەوەی کرێکاری و رێکخراوو کەسایەتیە چەپ و مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازەکانی بەریتانیا بۆ خرۆشانی جەماوەری و بزوتنەوەی کرێکاری لە بەرامبەر سەرکوتگەری رژێمی ئیسلامی ئێران و پەلاماری درندانەی ئەو رژێمە بۆسەر ژنان ولاوان و خۆپیشاندەران. ئەم کۆمیتەیە تیشک دەخاتە سەر پرسەکانی ژنان و دژایەتیکردنی ئاپارتایدی جێندەری لە ئێران، دژ بەگرتن و سزادانی هەلسوراوانی سیاسی و سزای لە سێدارەدان بۆ خۆپیشاندەران هەوڵی توندکردنەوەی فشارەکان دەکات لەسەر رژێمی ئیسلامی ئێران. ئەم کۆمیتەیە پێداگری لەسەر ئازادی بریاری خەڵک بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان دەکات. هاوکات ئەم کۆمیتەییە لە نزیکەوە چاودێری نارەزاییە نەپچراوەکان و مانگرتنی بەردەوامی کرێکارانی ئێران دەکات لەوانە پیشەسازی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی و کارگەی تواندنەوەی ئاسن و پیشەسازی شەکری هەفت تەپە و کارمەندان و مامۆستایان و پەرستارەکان و هتد. هاوکات کۆمیتەکە باوەری وایە کە هاودەنگی نێودەوڵەتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار بۆ ئازادی بنەمایەکی سەرەکی بزووتنەوەی کرێکارییە...

ئەم کۆمیتەیە خواستی دەرکردنی سەفارەتخانەی جمهوری ئیسلامی ئێران، تەریککردنەوەی لەرووی دیپلۆماسیەوە، ئیدانەکردنی لەسەر کوشتاری خۆپیشاندەران و فشارخستنەسەری بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی خۆپیشاندەران و کۆتاییهێنان بە تەقەکردن و توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران و میلیتاریزەکردن و گەمارۆی شارو شارۆچکەکان و سزادانی هەموو ئەوانەی خۆپیشاندەرانیان کوشتوە دەخاتە بەردەم پەرلەمانی بەریتانیا تا لەرێگای پەرلەمانەوە بدرێ بە حکومەتی بەریتانیا. هاوکات کاردەکات تا لەسەر ئاستی گشتی و جەماوەریدا پشتیوانی بۆ ئەو مەسەلەیە بەدەستبهێنرێ کە ئایندەی خەڵکی ئێران بدرێتە دەستی خەڵکی ئێران خۆیان و رێگا نەدرێ هێزو دەوڵەتەکان دەخالەت لە چارەنوسی سیاسی ئەواندا نەکەن لەرێگای داتاشینی بەدیلێکی سیاسی کۆنەپەرستانە بۆ دەسەڵاتی رژێمی ئیسلامی ئێران.

شایەنی باسە ئەم کۆمیتەیە لەدواین کۆبوونەوەی خۆیدا نامەیەکی ئامادەکردووە کە لەنزیکترین کاتدا ئاراستەی سەرجەم یەکێتیە کرێکاریەکانی بەریتانیای دەکات بۆئەوەی کە رۆژێکی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران و خرۆشانی جەماوەریدا بەرێبخەن و بریاریشە رۆژی ٨/٢/٢٠٢٣ خۆپیشاندانی نارەزایەتی ببرێتە بەردەم پەرلەمانی بەریتانیاو هەمان رۆژیش لە پەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی دیکە رێکبخات لەپیناو ئەو ئامانجانەی کەلەسەرەوە رامان گەیاندوە. جگە لەزۆر کاری تر لەبواری سوشیال میدیادا..

جێگەی ئاماژەیە لە نامەکەماندا بۆ سەندیکاو نەقابە کرێکاریەکان بەمەبەستی راکێشانی پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران داوامان کردوە کە نامەکە بەسەر ئەندامەکانیاندا بڵاوبکەنەوە و قسەکەرێکیش لە کۆمیتەکە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوویان بانگێشت بکەن بۆئەوەی لەسەر ئەم پرسە، واتە پشتیوانی لە بزوتنەوەی کرێکاری و خۆپیشاندانی پشتیوانی رۆژی ٨/٢/٢٠٢٣ قسەوباسیان لەگەڵ بکەن و هانیان بدەن بۆ بەشداریکردن لەو خۆپیشاندانەدا.

# ناڕەزایەتیەکانی ژنانی ئەفغانستان بەدژی یاسا ئیسلامیەکانی تاڵیبان

## نوری بەشیر

بەدوای یاسای قەدەغەکردنی خوێندنی کچان لە زانکۆکاندا لە هەفتەی رابردوودا، تاڵیبان یاسا ئیسلامیەکان توندتر دەکاتەوەو یاسای کارکردنی ژنان لە رێکخراوە ناحکومییەکان – NGO– دەردەکات. بەپێی ئەم یاسایەش ژنان نابێ لە رێکخراوە نا حکومیەکاندا کار بکەن چونکە لەو رێکخراوانەدا رەچاوی یاسای پۆشینی حجاب ناکرێ یان شل دەبێتەوە.

داسەپاندنی ئەم بریارە دژە ژن و دژی ئینسانیانە نارەزایەتیەکی زۆری ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی بەدوای خۆیدا هێنا. ژنان لە ٢٢ی دیسەمبەردا بەرامبەر بریاری بێبەشکردنی کچان لە خوێندن لە زانکۆکاندا، دروشمی خوێندن، کارکردن و ئازادی، خوێندن مافێکی سەرەتاییە بەرزکردەوە، بەڵام بەدوای بریاری قەدەغەکردنی کاری ژنان لەناو رێکخراوە ناحکومیەکاندا چوارچێوەی نارەزایەتیەکان فراوانتر بووەوە و زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستانی گرتەوە. چونکە بەپێی ئەم بریارەی تاڵیبانژمارەیەکی زۆر لە ژنان رەوانەی ماڵەوە دەکرێن و خێزانەکانیان روبەروی برسێتی دەبنەوەو ژنانێک کە پێشتر ئازادی کارکردن و چونەدەرەوەیان بەدەستهێناوە دەکرێنە کۆیلەی ناو چواردیواری ماڵ!

ژنانی ئەفغانستان لە نارەزایەتیەکانیادا داوایان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کرد کە هاوپشتی لە ژنانی ئەفغانستان بکەن لەبەرامبەر ئەم بریارە قەرەقوشیەی تاڵیبان دا بەرگری لە مافی خوێندن و کارکردنی ژنان بکەن.

ئەم یاسا دژە ژنانەی تاڵیبان دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر ژنان و کۆمەڵگای ئەفغانستاندا لەکاتێکدایە کە یاساکان و شەریعەتی ئیسلام لەئێران کەوتۆتە بەر نەفرەت و زەبری شۆرشگێرانەی ژنان و لاوان و کریکارانی ئێرانەوە و ژنانی ئەفغانستانیش وەکو سەنگەرێکی خەباتی خۆیان دژی دەسەڵاتی درندانەی دژە ژنی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بەچاوی ئومێدەوە لێی دەروانن، بۆیە ئەوان لە بەشی ئەو کەسانە بوون کە لەسەرەتای دەستپێکردنی خرۆشانی شۆرشگێرانەی ژنان و لاوان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانەوە هاوپشتی خۆیان بۆ خواستەکانی ژنان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران دەربریوەو لەیەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی "ژنانی ئێران راپەریون ئیتر نۆرەی ئێمەیە"بەرزکردبووە.

دەسەڵاتی تاڵیبانیش هەروەکو سەرجەم بزوتنەوەو رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهاندا ترسی روخانی جمهوری ئیسلامی ئێران هەراسانی کردووە بەمجۆرە یاساو بریارە کۆنەپەرست و دژە ژن و دژە مرۆییانە دەیەوێ فریای خۆی بکەوێ و دەسەڵاتەکەی لە زەبری شۆرشێکی جەماوەری ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئەفغانستان بپارێزێ.

دەسەڵاتی تاڵیبان بەم بریارانەی دەیەوێت جێگاورێگایەک کە ژنانی ئەفغانستان لە دنیای شارستانی ئەمرۆدا بەدەستیان هێناوە، پاشەکشە پێبکات و بەوجۆرە کۆمەڵگای ئەفغانستان لەناو زەلکاوی کۆنەپەرستی ئیسلامیدا و دەسەڵاتی شەریعەتدا نغروبکات و هەموو تروسکاییەکی ژیانی هاوچەرخ لە خەڵکی ئەفغانستان بکوژێنێتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە دوای روخانی تاڵبیان لەلایەن ئەمریکاوە، بەهۆی ئەوەی کە نەدەکرا هەمان یاساو رێسای تاڵیبان بەسەر سەری خەڵکدا رابگرنەوە، سەرباری ئەوەی کە دەسەڵاتی قەبیلەیی بۆرژوازی کۆنەپەرستیان بەسەر سەری خەڵکی ئەفغانستاندا سەپاند، بەڵام دەرفەتێکی بچووک پەیدابوو تا ژنان هەناسەیەک بدەن و کەمێک لە ئازادیە فەردیەکانیان بەدەست بهێنن، بەڵام دوای رادەستکردنەوەی دەسەڵات بە تاڵیبان لەلایەن ئەمریکاوە، هەمان یاساو رێسای شەرع و ئیسلام دوبارە بەسەر خەڵکی ئەفغانستاندا دادەسەپێتەوەو دوبارە و دوای قوربانیەکی زۆر ژنان راپێچی کونجی ماڵەوە دەکرێن! بەڵام ئەوەی کە رێگادەگرێت لەوەی تاڵیبان بەهەمان هەوساروپچڕاوی پێشووەوە دەسەڵاتی رەهاو دژە ئینسانی و دژە ژنی خۆی بەسەر خەڵکدا زاڵبکاتەوە، ئەزمونێکی خەباتکارانەیە کە لەماوەی روخانی دەسەڵاتی تاڵیباندا بەدەستیان هێناوە سەرباری ئەو دەروازەی هیواو ئومێدەی کەلەناو ژنان و خەڵکی ئەفغانستاندا لەئاکامی خرۆشان و هەڵسانی شۆرشگێرانەی ژنان و لاوان و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێراندا دروست بووە.

٢٤/١٢/٢٠٢٢

# چەند بەشێک لە بەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزب سەبارەت بە پرسی هاوسەرگیری و فرەژنی و لەشفرۆشی!

**خەبات لەدژی لەشفرۆشی**

خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی و بازرگانی سێکس لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانییەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی، بازرگانانی سێکس، دەڵاڵ و باجخۆرەکان.

قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای هەرجۆرە بازرگانیەک بە کاری لەشفرۆشی، دەڵاڵی و چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی.

بەتاوان هەژمار نەکردنی ژیان و کاری ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە لەشفرۆشی.

کۆمەک بە گێڕانەوەی ڕێزو حورمەتی کۆمەڵایەتی و دەسکۆتاکردنی تۆڕ و باندە تاوانکارەکان لەسەر ژیانیان لە ڕێگای:

– قەدەغە نەبوونی فرۆشتنی سێکس وەک کارێکی فەردی و پشتیوانی یاسا و دامودەزگاکانی پۆلیس لە کەسانی لەشفرۆش لەبەرامبەر تۆڕ و باندە چەتە و باجخۆر و جەردەکاندا.

-بەخشینی موڵەتی کارکردن بەو کەسانەی کە وەکو کارێکی فەردی دەست دەدەنە لەشفرۆشی، پارێزراوبوونی شەخسیەت و حورمەتیان وەکو هاوڵاتی بەرێزی کۆمەڵگا و کۆمەککردن بە ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوی پیشەیی خۆیاندا.

-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و دەرمانی تایبەتی بۆ خۆپاراستن بەمەبەستی پاراستنی ئەم کەسانە لەو نەخۆشی و زیانانەی کە بەهۆی ئەم پیشەیەوە توشیان دەبێ.

-هەوڵدانی دامودەزگا بەرپرسە دەوڵەتییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەو هاندان و یارمەتیدانی عەمەلیی کەسانی لەشفرۆش بۆ دەستهەڵگرتن لەم کارە و بەدەستهێنانی شارەزایی و هوشیاریی پێویست بۆ کارکردن لە مەیدانەکانی دیکەی کۆمەڵگادا.

**قەدەغەکردنی فرەژنی**

یەکسانیی تێکڕای مافەکانی ژن و پیاو لە خێزاندا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتی و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، بڕیاردان لە بارەی دارایی و ئابووری خێزانەوە و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوبەش.

هەڵوەشاندنەوەی جێوشوێنی تایبەتی پیاو وەکو سەرپەرشتیاری خێزان لە هەموو یاساو ڕێساکاندا و دانانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەسەرپەرشتیکردنی کاروباری خێزاندا.

مافی بێقەیدوشەرتی جیابوونەوە بۆ ژن و پیاو.

یەکسانیی تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لەکاروباری پەیوەست بە بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵان لەدوای جیابوونەوەدا.

یەکسانیی مافی هەردوولا لەکاتی جیابوونەوەدا لەو دارایی و ئیمکاناتەی کە لەماوەی ژیانی هاوبەشدا خێزان بەدەستی هێناوە، یان لەماوەی ژیانی هاوبەشدا هەموو خێزانەکە کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

هەڵوەشاندنەوەی گواستنەوەی ئۆتۆماتیکیانەی ناوی خێزانیی باوک بۆ منداڵ و سپاردنی دیاریکردنی نازناوی خێزانیی کۆرپە بە ڕێککەوتن و بڕیاری هاوبەشی باوک و دایک. ئەگەر بە ڕێککەوتن نەگەیشتن، ئەوا منداڵەکە ناوی خێزانیی دایک هەڵدەگرێ. هەڵوەشاندنەوەی دانانی ئۆتۆماتیکی ناوی باوک وەکو ناوی خێزانیی و دانانی ناوی خێزانی بەپێی خواستی کەسەکە.

پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی دەوڵەت لە خێزانە بێدایک یان بێباوکەکان و بەتایبەت پشتیوانی چالاکانە لەو دایکانەی کە جیابوونەتەوە، یان هەر لەبنەڕەتەوە بەبێ هاوسەرگیری منداڵیان بووە، لەبەرامبەر گوشارە ماددی و ئەخلاقیاتە کۆنەپەرستانەکاندا.

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساوڕێسا دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی کە پەیوەندی جنسیی ژنو مێرد لەگەڵ کەسانی دیکەی جگە لە هاوسەری خۆیان بە تاوان لەقەڵەم دەدات.

**ژیانی هاوبەش، خێزان، هاوسەرگیری و تەڵاق**

هەر جووتێکی سەرووتر لە ١٦ساڵ مافیان هەیە کە بە مەیل و ئارەزووی خۆیان پێکەوە بژین. قەدەغەکردنی هەرجۆرە ناچارکردن و گوشار دانانێک لەلایەن هەر کەس و دەزگایەکەوە لەسەر تاکەکان لە مەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەر و ژیانی هاوبەش و جیابوونەوەدا.

بۆ بەرەسمی ناسینی ژیانی هاوبەش لەلایەن دەوڵەتەوە و بۆئەوەی ئەگەر هەردوولا بیانەوێت یاساکانی پەیوەست بە خێزان بیانگرێتەوە، هەرئەوەندە بەسە کە لە سجلی دەوڵەتیدا تۆماربکرێت. سڕینەوەی هەرجۆرە مۆرکێکی دینی پەیوەست بە هاوسەرگیری لە بەڵگەنامە و دامەزراوە ڕەسمییە دەوڵەتیەکاندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە وتنەوەیەکی خوتبەی دینی لە مەراسیمە دەوڵەتیەکانی تۆمارکردنی زەواجدا. بەڕێوەبردن یان نەبردنی مەراسیمی تایبەتی، چ شەرعیو چ تەقلیدی، لە هاوسەرگیریدا هیچ ڕۆڵێک لە ڕەسمییەت پێدان و پلەوپایەی لە بەرامبەر یاسادا ناگێڕێت.

★